Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# بەڕێوەبردنی قەیران لە سەردەمی جەنگدا

## چۆن هەرێمی کوردستان لێکەوتەکانی جەنگی ئێران و ئەمریکا- ئیسرائیل بەڕێوەببات

نیسانی ٢٠٢٦

Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park
www.visionfoundationiq.org
+964 772 330 0005

| جۆری بڵاوکراوە : | بابەت : | توێژەر: |
| --- | --- | --- |
| پۆڵسی پەیپەر | سیاسی | د. ئاکۆ حەمەکریم |

## بەیاننامەی دامەزراوەکە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە برتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیجییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەڕێگای گونجاو پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

## تێبینی

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٦

INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

## بەڕێوەبردنی قەیران لە سەردەمی جەنگدا
## چۆن هەرێمی کوردستان لێکەوتەکانی جەنگی ئێران و ئەمریکا- ئیسرائیل بەڕێوەببات

### پوختەی

ئەم پۆڵسی پەیپەرە تیشک دەخاتە سەر ئەو بارودۆخە دژوارەی کە هەرێمی کوردستان تێیکەوتووە؛ لە کاتێکدا ململانێ و جەنگە ناوچەییەکانی نێوان ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیل بەردەوامە. هەرچەندە هەرێمی کوردستان بە فەرمیی بێلایەنیی خۆی لەم ململانێیانەدا ڕاگەیاندووە، بەڵام لە واقیعدا ناتوانێت خۆی لە لێکەوتەکانی ئەم جەنگە بپارێزێت. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی جوگرافیی هەرێمەکە و ئەو دۆخە ناسەقامگیرەی عێراقی تێدایە، کە هەمیشە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی کێبڕکێ ناوچەییەکان بووە.

لە ماوەیەکی کورتدا، هێرشە درۆنی و مووشەکییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە، کە جگە لە زیانە گیانی و ماددییەکان، کاریگەریی نەرێنیی قووڵیشیان خستووەتە سەر گوزەرانی خەڵک و باری ئابووری، وەک پچڕانی کارەبا و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان. ئەم پۆڵسیە هەوڵدەدات وەڵامێکی زانستییانە بۆ دوو پرسیاری گرنگ بخاتەڕوو:

یەکەم؛ هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێت قەیرانەکان بەڕێوە ببات و شوێنەوارەکانیان کەم بکاتەوە؟

دووەم؛ ئایا لەڕووی کردارییەوە ئامادەسازیی پێویستی هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخێکی جەنگیی درێژخایەن؟

بۆ گەیشتن بەم وەڵامانە، لێکۆڵینەوەکە تەنها لە چوارچێوەیەکی تیۆریدا قەتیس نەبووە، بەڵکوو گرێدراوەتەوە بە واقیعی مەیدانیی ناوچەکەوە؛ بەتایبەتی لە بوارەکانی وەک: سیستەمی هۆشداریی پێشوەختە، داڕشتنی پلان، هەماهەنگیی نێوان دامودەزگاکان، هەروەها گرنگیدان بە توانا بەرگری و ئابوورییەکان. لە کۆتاییدا، دەرەنجامەکان ئەوە دەسەلمێنن کە بەڕێوەبردنی قەیرانەکان تەنها لە کاردانەوەی هەنووکەیی و خێرا لە کاتی ڕووداوەکاندا کورت نابێتەوە، بەڵکوو پێویستی بە دیدگایەکی ستراتیجی فراوانتر هەیە بۆ خۆئامادەکردن پێش ڕوودانی پێشهاتەکان. بە واتایەکی تر، بوونی ئامادەکاری و ڕێکخستنێکی تۆکمەی ناوخۆیی، دەتوانێت تا ئاستێکی باڵا مەترسییەکان بەرپەرچ بداتەوە. لەبەر ئەوە، زۆر گرنگە هەرێمی کوردستان هەنگاوی جددی بنێت بەرەو یەکخستنی سیاسەتەکانی و بەرزکردنەوەی تواناکانی، بۆ ئەوەی بتوانێت لەناو ئەم ناوچە ئاڵۆزەدا قەوارە و سەقامگیریی خۆی بپارێزێت.

## لایەنی تیۆریی بەڕێوەبردنی قەیران

قەیران بە دیاردەیەکی دانەبڕاوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دادەنرێت. قەیران دۆخێکە کە کێشە و ئاڵۆزی لە توخم و پەیوەندییە سروشتییەکاندا دروست دەبێت و هەڕەشە لە کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی دەوڵەت و بەرژەوەندییە گرنگەکانی دەکات. وەک ئۆران یۆنگ دەڵێت: قەیران تێکچونێکی خێرایە لە رووداوەکاندا کە دەبنە هۆی ناسەقامگیریی لە سیستمی نێودەوڵەتی و هەرێمیدا، کە بەشێوەیەکی نائاسایی جەنگ و بەکارهێنانی توندوتیژی زیاد دەکات.

قەیران، گۆڕانە لە دۆخی هێمنی و سەقامگیری بۆ ناسەقامگیری، گۆڕانە لە ئاشتییەوە بۆ جەنگ و تێکچوونی لەناکاوی سیستمە جا ئەو سیستمە کۆمەڵایەتی یان سیاسی بێت، بەگشتی هەموو قەیرانێک چوار رەگەزی سەرەکی لەخۆدەگرێت: سوپرایز (مفاجأة)، مەترسی، ناسەقامگیری و توندوتیژی. بۆیە قەیران پێویستی بە وەڵامدانەوەی بەپەلە هەیە بۆ ڕێگریکردن لە خراپتربوونی ئەنجامەکان.

بەڕێوەبردنی قەیران بەمانای دانان و جێبەجێکردنی کۆمەڵێک ستراتیج و میکانیزمە، کاتێک رووداوێکی لەناکاو و پێشبینی نەکراو روودەدات و دەبێتە مەترسی بۆسەر کۆمەڵگە. گرنگی جێبەجێکردنی پلان و بەڕێوەبردنی قەیران دروستدەبێت، شارەزایانیش پێیانوایە بەڕێوەبردنی قەیران رێبازێکی بەڕێوەبردنی مۆدێرنە کە گرنگی بە پێشبینیکردنی رووداو و ئەگەرەکان دەدات لە رێگەی چاودێریکردنی گۆڕاوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و دانانی پلان و میکانیزم بۆ چارەسەرکردنی.

لە دیدی پاتریک لاگادیک PATRICK LAGADEC، بەڕێوەبردنی قەیران تەنها بەڕێوەبردن و وەڵامدانەوە نییە، بەڵکو سیستمێکی فێربوون و خۆگونجاندنە، بەشێوەیەک دەوڵەت بتوانێت لە دۆخی ناڕوونی و تەنگەژە و لەژێر فشاردا بەچالاکانە و کارا یی بمێنێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی بەڕێوەبردنی قەیران سێ قۆناغی سەرەکیی هەیە: پێش قەیران (ئامادەکاری و پێشبینی)، کاتی قەیران (وەڵامدانەوە و کۆنترۆڵکردن) و دوای قەیران (گەڕاندنەوە بۆ دوخی ئاسایی و فێربوون). بەم شێوەیە سەرکەوتنی بەڕێوەبردنی قەیران بەستراوە بە یەکخستنی زانیاری، بڕیاردانی خێرا و توانای گەڕانەوە و ئەکتیڤی سیستەم.

بەپێی تیۆری واتاپێدان-ی SENSEMAKING کارل ویک، مرۆڤ و دامەزراوەکان لەکاتی قەیراندا پێش ئەوەی بڕیار بدەن، هەوڵدەدەن مانایەک بۆ ڕووداوەکان دروستبکەن. قەیران تەنها رووداوێکی لەناکاو نییە، بەڵکو کاتێک روودەدات کە "واتا" لەدەستدەدات و چیتر تێناگەیت چی دەگوزەرێت. وەک ویک دەڵێت "لە کاتی قەیرانی گەورەدا، مرۆڤ تووشی شۆک دەبێت، چونکە ئەو نەخشە زەینییەی هەیبووە بۆ تێگەیشتن لە جیهان، تێکدەچێت. لەم ساتەدا مرۆڤ ناپرسێت چی بکەم؟، بەڵکو دەپرسێت: ئەمە چییە روودەدات؟ ئەگەر نەتوانین مانایەک بۆ رووداوەکە بدۆزینەوە، ناتوانین کاردانەوەی دروستمان هەبێت".

بەدیوێکی تردا تێگەیشتن لەخودی قەیران بەشێکە لە چارەسەر، چونکە لەخۆیدا قەیران ڕوون نییە و زانیارییەکان ناتەواون و هەندێکجاریش دروست نییە. پێویستە دەوڵەت داتا و زانیاری کۆبکاتەوە و شیکردنەوەی وردیان بۆ بکات تا وێنەیەکی گشتی لەسەر دۆخەکە بۆ دروست ببێت و بتوانێت بڕیاری دروست بدات. بۆیە لای کارل ویک بە تەنها زانیاری زۆر گرنگ نییە، بەڵکو واتا بەخشین بە زانیارییەکان و تێگەیشتن لە قەیرانەکە گرنگترە.

## قۆناغی پێش قەیران (ئامادەکاری و پێشبینی)

پێویستە پێش ئەوەی قەیران و کێشەکان ڕووبدەن پلان و ئامادەکاری پێش وەخت هەبێت، بەتایبەتییش کە هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکی پڕ کێشە و قەیراندایە و ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدەن ڕاستەوخۆ کاریگەری لە هەرێم دەکەن.

لە قۆناغی پێش قەیراندا، گرنگترین ئامانج دروستکردنی سیستمێکیپێشبینی و ئامادەکارییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە چاوەڕوانکراوەکان، بۆ ئەمەش پێویستمان بە:

1.دامەزراندنی سیستمی چاودێری و هۆشداری پێشوەخت(EARLY WARNING SYSTEM) بۆ چاودێریکردن و گەشەپێدانی گۆڕانکارییە ئەمنی، سیاسی و ئابوورییەکان. ئەم سیستمە دەبێت توانای ناسینەوەی ئاماژە بچووکەکانی گۆڕانکاریی هەبێت (وەک گۆڕانی نرخی دراو، جموجۆڵی سەربازی، یان گۆڕانکاری لە سیاسەتی وڵاتانی دراوسێ) پێش ئەوەی ببنە قەیرانی گەورە.

2.دروستکردنی داتابەیسی نیشتمانی بۆ شیکردنەوەی داتا (BIG DATA ANALYSIS) بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان. لێرەدا مەبەست تەنها کۆکردنەوەی داتا نییە، بەڵکو بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد (AI) و شارەزایانە بۆ "پێشبینیکردنی داهاتوو" لەسەر بنەمای ئامارە وردەکان.

3.ئامادەکردنی پلان و سیناریۆکان (SCENARIO PLANNING) پێویستە پلانی قەیران و سیناریۆی جیاواز بەپێی ئەگەرەکان دابنرێت. بەبێ بوونی پلان و سیناریۆی پێشوەخت زۆر قورسە بتوانرێت مامەڵەیەکی دروست و سەرکەوتوو لەگەڵ قەیرانەکان بکرێت. دەکرێت بۆ هەر کێشەیەک (ئەمنی، تەندروستی، دارایی...هتد) سێ جۆر سیناریۆمان هەبێت: (گەشبینانە، مامناوەند، و خراپترین ئەگەر). بۆ هەر سیناریۆیەکیش دەبێت پلانی ئەلتەرناتیف(جێگرەوە) ئامادەبێت تاوەکو لە کاتی شۆک و حاڵەتی لەناکاودا بڕیاری گونجاو بدرێت.

4.بەهێزکردنی توانای مرۆیی و کولتوری بەڕێوەبردنی قەیران و ئامادەکردنی فەرمانبەر و هاوڵاتییان و دامەزراوەکانی حکومەت لەڕێگەی ئامادەسازی و پێدانی زانیاری و بەرچاو ڕوونی و ئەنجامدانی ڕاهێنان و مەشق.

5.دیپلۆماسیی پێشوەختە، چالاککردنی کەناڵە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و وڵاتانی دراوسێ و دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان پێش گەیشتن بە قۆناغی تەقینەوە لەڕێگەی گفتوگۆ و دانوستانەوە.

6. دروستکردنی سندوقی یەدەگی ستراتیجی (STRATEGIC RESERVE) ئامادەکاریی دارایی و لۆجستی (خۆراک، دەرمان، سووتەمەنی...) بۆ کاتی فریاگوزاری و جەنگ، بەبێ بوونی یەدەگێکی بەهێز ئەگەر باشترین پلانەکانیش هەبێت سەرکەوتوو نابێت.

7.بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی گشتی، ئامادەکردنی پەیامی ڕوونی میدیایی بۆ ڕای گشتی، تاوەکو لە کاتی ڕوودانی هەر قەیرانێکدا هاوڵاتییان نەشڵەژێن، بەڵکو ببنە هاوکاری دامەزراوەکان.

بۆ دەربازبوونی هەرێمی کوردستان لەم قەیرانە و کەمکردنەوەی زیان و لێکەوتەکانی جەنگی ئێران و ئەمریکا- ئیسرائیل، پێویستە هەرێم و هێزە سیاسییەکان چەند هەنگاوێکی کرداری بنێن، بەمشێوەیە:

**یەکەم: یەکخستنی گوتار (دروستکردنی مانایەکی هاوبەش)**

وەک کارل ویک دەڵێت "ئەگەر تیمێک نەبێت مانا بۆ ڕووداوەکان بدۆزێتەوە، ئەوا دەڕووخێت"، کاتێک هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەکەمترین زیان لەم قەیرانە دەربچێت، ئەو کاتەی تێگەیشتنێکی هاوبەشی دەبێت بۆ قەیرانەکە، کە حکومەت و هێزە سیاسییە جیاوازەکان تێگەیشتن و گوتاری یەکگرتوویان هەبێت بەرامبەر هەڕەشە و مەترسییەکانی جەنگەکە لەسەر هەرێمی کوردستان. ئەگەر یەکێتی و پارتی و لایەنەکانی تر هەریەکە سیاسەت و تێگەشتنی جیاوازی هەبێت بۆ جەنگەکە ئەو کاتە لێکەوتەکانی کاریگەر و قورستر دەبێت و هەرێم ناتوانێت کاردانەوەی هەبێت.

**بۆ یەکخستنی گوتاری کورد پێویستمان بە:**

1.دروستکردنی ئەنجومەنی باڵای هێزە سیاسییەکان (تایبەت بە قەیرانەکە)، ئامانج لەم ئەنجومەنە یەکخستنی هەڵویستی سیاسی حیزبەکانی هەرێمی کوردستانە (یەکێتی و پارتی و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان). پێویستە لە ئەنجومەنەکەدا بەرچاوی لایەنەکان لەمەترسی و هەڕەشەکان ڕوونبکرێتەوە لە ڕێگەی خستنەڕووی زانیاری و داتای دروست، بە مەبەستی داڕشتنی ستراتیجییەکی نیشتمانی و دروستکردنی کۆدەنگی و بەرپرسیارێتیی هاوبەش.

2.دروستکردنی ژووری ئۆپەراسیۆنەکان لەسەر ئاستی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان کە وەزارەتەکانی ناوخۆ، پێشمەرگە، تەندروستی، کارەبا، گواستنەوە و ئەنجومەنی ئاسایشی تێدا ئەندام بن. ئامانج لەم ژوورە ئەوەیە کە ناوەندێکی بڕیاری کارا دروستبکرێت و ڕۆژانە زانیاری و داتاکان وەربگرێت و هەڵسەنگاندن بۆ مەترسی و هەڕەشەکان بکات و ئەگەر پێویستیکرد بڕیاری بەپەلە بدات، لەبواری سەربازی و کارگێڕیو..هتد بەئامانجی پاراستنی هاوڵاتییان و خاکی هەرێمی کوردستان.

**دووەم: سیاسەتی بێلایەنی و هاوسەنگی**

تائێستا هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکان، سیاسەتی بێلایەنی و هاوسەنگی و نەبوون بە بەشێک لە جەنگەکەی هەڵبژاردووە کە سیاسەتێکی ڕاست و دروستە، پێویستە لەسەری بەردەوامبێت و ڕێگە نەدات خاکەکەی بەکاربهێنرێت و ببێتە بەشێک لە جەنگەکە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ڕۆژ دوای ڕۆژ هێرشەکانی سەر هەرێم زیاتر و فراوانتردەبن.

هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکدایە کە بێلایەنی تێیدا کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەت کاتێک هێرشەکان بەردەوامن. بۆیە پێویستە ئەم بێلایەنییە لە دروشمەوە بگۆڕدرێت بۆ قەڵغانێکی سیاسی و یاسایی لەڕێگەی ئەم هەنگاوانەوە:

1.بەنێودەوڵەتیکردنی پاراستنی هەرێم، دەکرێت هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دەوڵەتانی جیهان و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشەوە کار بکات بۆ ناساندنی هەرێم وەک ( ناوچەیەکی بێلایەن و ئارام) و نەبووەتە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ، لە بەرامبەردا پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاسمان و خاکی هەرێم بپارێزێت.

2.پێویستە حکومەتی فیدراڵ چەتری پاراستنی هەرێم بێت، کە باشترین ڕێگە بۆ ڕێگریکردن لە هێرشەکان ئەوەیە کە هەرێم کێشەی هێرشەکان بکاتە "کێشەی سەروەریی عێراق". پێویستە هەماهەنگییەکی باڵا لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ هەبێت تاوەکو بەغدا وەک دەوڵەت بەرگری لە ئاسمانی هەرێم بکات، چونکە بەپێی دەستوری عێراق هێرش بۆسەر هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە پێشێلکردنی سەروەریی کۆماری عێراقە.

3.دیپلۆماسی و گفتوگۆ، دەکرێت هەرێمی کوردستان شاندی باڵای سیاسی بنێرێت بۆ بەغدا و تاران و ئەنقەرە و پایتەختە کاریگەرەکان، بۆ گەیاندنی پەیامێکی ڕوون کە: "هەرێمی کوردستان بەشێک نییە لە کێشە، بەڵکۆ بەشێکە لە چارەسەر". ئەم دڵنیایی بەخشینە ڕەنگە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی پاساوەکانی هێرشکردنە سەر هەرێم.

4.پەیامی سیاسی، پێویستە هەرێمی کوردستان پەیامی سیاسی بۆ هێزە عێراقییەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان هەبێت، دەکرێت ناوەڕۆکی پەیامەکە ئەمە بێت:

- هەرێم کوردستان دەستی هاوکاری و دۆستایەتی بۆ هەمووان درێژ دەکات، بەڵام هێرش قبوڵ ناکات و هێرشکردنە سەر هەرێم زیانی دەبێت بۆ عێراق و ئێران و ئەمریکا.
- تێکچونی ئارامی و سەقامگیریی هەرێم دەکرێت ببێتە هۆی تێکچوونی سەقامگیریی عێراق و وڵاتانی دراوسێ (کۆچی بەکۆمەڵ بۆ ئەوروپا، نەمانی وزە، ناسەقامگیریی بەغدا....).
- تێکچوونی سەقامگیریی هەرێم دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییەکان بەتایبەتیش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و لەدەستدانی بەرژەوەندییە ئابورییەکانی کۆمپانیا بیانییەکان.

### سێهەم: ئاسایش

لەم هەلومەرجی جەنگەدا، پاراستنی ئاسایش و سەلامەتی یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی حکومەت. بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بتوانێت بە شێوەیەکی کارا ئەم قەیرانە بەڕێوەببات، پێویستە چەند هەنگاوێکی ستراتیجی و پراکتیکی بنێت:

**1.پڕکردنەوەی بۆشاییە ئەمنییەکان لەنێوان هەرێم و بەغدا:**

یەکێک لە مەترسییە سەرەکییەکان بوونی بۆشایی ئەمنییە لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێم و بەغدا کە ڕێگە بە گرووپە چەکدارەکان دەدات هێرش بکەنە سەر هەرێم، بۆیە:

- پێویستە هەماهەنگییەکی ئەمنیی باڵا لەنێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ دروست بکرێت .
- دروستکردنی هێزی هاوبەشی لەناوچە جێناکۆکەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچە هەستیارەکان (وەک کەرکوک، مەخمور، دوزخورماتوو) .
- گەشەپێدانی سیستمی هاوبەشی زانیاری (Intelligence Sharing).
- کەمکردنەوەی بۆشاییە ئەمنییەکان کە گرووپە چەکدارەکان سوودیلێوەردەگرن.

**2.دابینکردنی سیستمی بەرگریی ئاسمانی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە:**

لەبەرئەوەی شێوازی جەنگ گۆڕاوە بۆ جەنگی درۆنی و موشەکی، نەبوونی بەرگریی ئاسمانی کێشەیەکی گەورەیە. بۆیە:

- هەوڵدان بۆ کڕین و دامەزراندنی سیستمی دژە ئاسمانی (Air Defense Systems)
- بەکارهێنانی رادارە پێشکەوتووەکان بۆ هۆشیاریی پێشوەخت.
- دروستکردنی سیستمی Early Warning بۆ ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتییان.

**3.پەرەپێدانی توانای درۆنی، لە سایەی گۆڕانکارییە خێراکانی شێوازی جەنگی:**

پەرەپێدانی توانای درۆن بۆ هەرێمی کوردستان پێویستییەکی ستراتیجییە. ئەم تەکنەلۆژیایە بە کۆڵەکەی سەرەکیی "باڵادەستیی زانیاری" دادەنرێت، چونکە دەکرێت بۆ چاودێری، هەواڵگری و بڕیاردانی خێرا بەکاربهێنرێت. لەبەرئەمە، پێویستە هەرێم بە شێوەیەکی پلاندار لە سێ ئاراستەی تەواوکاردا کاری لەسەر بکات:-

- دابینکردنی درۆنی چاودێریی پێشکەوتوو، کۆکردنەوەی زانیاریی ورد لەسەر هەرەشەکان پێویستی بەچاودێریی درۆنی هەیە، ئەم جۆرە زانیارییە دەبێتە بنەمای بڕیاردانی دروست لە ژووری ئۆپەراسیۆنەکاندا و رێگری لە هەر سوپرایزێکی ئەمنی یان سەربازی دەکات.
- بنیادنانی سیستەمی "دژە-درۆن" (Counter-Drone) زۆر گرنگە، چونکە هەرێمی کوردستان بەردەوام لەژێر هەڕەشەی هێرشی درۆندایە. دەکرێت بە رێگەی تەکنەلۆژیای شەڕی ئەلیکترۆنی (Electronic Warfare) و سیستەمەکانی پەکخستنی درۆنی دوژمن جێبەجێ بکرێت.
- بەرزکردنەوەی توانای مرۆیی و پێگەیاندنی کادری شارەزا، پێویستە ناوەندی ڕاهێنان دابمەزرێت بۆ فێرکردنی ئەندازیاران و پسپۆڕان لە بواری شیکردنەوەی داتا و بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنە درۆنییەکان.
- هاندانی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستان بۆ داخڵبوون لە پیشەسازی درۆن و دژە درۆن، چونکە هەندێکجار کەرتی تایبەت لە چوارچێوەی بزنس و بەرژەوەندیدا دەتوانێت رێگاکان کورتبکاتەوە، بە بەراوورد بە پڕۆسێس و رۆتیناتی حکومەت.
- هەندێک لە کۆمپانیا و پڕۆژە گەورەکانی وەک وێستگەکانی کارەبا و پاڵاوگەی نەوت و کێڵگەی نەوت...هتد ناچاربکرێن سیستمی بەرگری تایبەت بەخۆیان دابنێن.

**4.ئاسایشی ئەلیکترۆنی:**

پێویستە هەرێمی کوردستان قەڵغانی دیجیتاڵی دروست بکات لە ڕێگەی توندکردنی پاراستنی سیستمی بانکی و دامەزراوە حکومییەکان، و دابینکردنی پاراستنی ژێرخانی سەرەکی وەک کارەبا، ئینتەرنێت و ناوەندەکانی داتا.

## چوارەم: ئابوری و ژێرخان

کێشە ئابورییەکانی هەرێمی کوردستان تەنها دەرئەنجامی ململانێکانی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، بەڵکو کەڵەکەبووی چەندین فاکتەرن وەک ناکۆکی نێوان هەرێم و بەغدا و بڕینی بودجەی هەرێم و پشتبەستن بە هاوردە و لاوازیی ژێرخانی ئابوری و سیستمی دارایی..هتد. ئەم هۆکارانە وایکردووە کە کاریگەرییە ئابورییەکانی جەنگەکە لەسەر هەرێم زیاتر بێت و لە ئەگەری بەردەوامی ململانێکان، دۆخەکە بگۆڕێت بۆ قەیرانی ناوخۆیی نەک تەنها بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵکو بۆ هەموو عێراق.

بەشێکی کێشەکە تەنها کەمی کاڵا و سووتەمەنی و خۆراک نییە، بەڵکو ترس و دوودڵی و بێ متمانییە بەرامبەر بە ڕۆڵ و توانای حکومەت و کەرتی تایبەت لەچارەسەرکردنی کێشەکان و دابینکردنی پێداویستییەکان، بۆیە زۆرکات ترس و دڵەڕاوکێی هاوڵاتییان ولاوازی دامەزراوەکان دەبنەهۆی هەڵکشانی نرخەکان.

چارەسەری قەیرانی ئابوری لەکاتی جەنگ تەنها بە زیادکردنی شتومەک نابێت، بەڵکو بە بەڕێوەبردنی کارای دامەزراوەکان و تێگەیشتنی قووڵ بۆ کێشەکان و بەدەستهێنانی متمانەی خەڵکە. ئەگەر حکومەت پلان و بەرنامەی پێش وەختی هەبێت و داتا و زانیاریی دروست کۆبکاتەوە و بڕیاری خێرا و سیاسەتێکی یەکگرتوو بگرێتەبەر، ئەوا دەتوانێت قەیرانەکە لە قۆناغێکدا کۆنترۆڵ بکات. بە پێچەوانەوە، سستی لەبڕیاردان و ناکۆکیی سیاسی قەیرانەکان قوڵتر دەکاتەوە تا ئاستی ناسەقامگیری.
لەپێناو پاراستنی ژێرخانی ئابوری و سێکتەرە گرنگەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی هاوڵاتییان لەکاتی قەیراندا پێویستە:

1.پاراستنی ئاسایشی خۆراک و سووتەمەنی (کۆگای ستراتیژی)لە ڕێگەی دروستکردنی سایلۆ و کۆگای مۆدێرن، حکومەت دەتوانێت بە هاوکاری کەرتی تایبەت یەدەگێکی ستراتیژی بۆ مادده خۆراکییە بنەڕەتییەکان و سووتەمەنی دابینبکات کە لانیکەم (٦ بۆ ١٢) مانگ بەشی پێداویستی ناوخۆ بکات.

2.پشتگیریکردنی بەرهەمی ناوخۆیی لە ڕێی کەمکردنەوەی باج و روسومات لەسەر جوتیاران و پیشەسازییە ناوخۆییەکان بۆ ئەوەی لە کاتی داخستنی سنوورەکاندا بازاڕ پەککەوتە نەبێت.

3.کۆنترۆڵکردنی نرخ و توندکردنەوەی چاودێریی بازاڕ بۆ ڕێگریکردن لە قۆرخکاری و بەرزکردنەوەی نایاسایی نرخەکان لەلایەن بازرگانانەوە لە کاتی قەیراندا.

4.هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت و کارکردن لەسەر کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی و گەشتیاری وەک جێگرەوەیەک بۆ داهاتی نەوت کە نرخەکەی لە کاتی جەنگدا زۆر ناجێگیرە.

5.ڕێککەوتنی کۆنکرێتی لەگەڵ بەغدا و دەرهێنانی دۆسیەی بژێوی خەڵک و مووچە لە ململانێ سیاسییەکان و چەسپاندنی شایستە داراییەکان لە یاسای بودجەدا بە شێوەیەک کە شۆکی سیاسی کاریتێنەکات.

6.پاراستنی سەرچاوەکانی وزە و ئاو و دابینکردنی سیستمی "وزەی جێگرەوە" (وەک سۆلار یان مۆلیدەی گەورە) بۆ وێستگەکانی پاڵاوتنی ئاو و نەخۆشخانەکان، تا لە کاتی پچڕانی کارەبای نیشتمانی، خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان رانەگیرێن.

7.پاراستنی هێڵی ئینتەرنێت و دروستکردنی هێڵی گەرم تەنها بۆ دامەزراوە ئەمنی و تەندروستییەکان بێت، بۆ ڕێگریکردن لە پەککەوتنی گەیاندن لە کاتی لۆد یان تێکچوونی تۆڕە گشتییەکان.

8.دانانی پلانێکی گشتگیر بۆ دابەشکردن و گەیاندنی پێداویستییەکان بەو ناوچانەی کە ئەگەری هەیە ڕێگا سەرەکییەکانیان بپچڕێت یان بکەونە ناوچەی مەترسییەوە.

9.دروستکردنی بەرژەوەندی هاوبەشی ئابووری لەگەڵ زۆرینەی وڵاتان، بەتایبەتی وڵاتانی دراوسێ، بۆ ئەوەی هەموو ئەو وڵاتانە هەست بکەن بەرژەوەندیان لە ئسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستاندا هەیە.

## پێنجەم : بەرگریی شارستانی

بەرگری شارستانی لە کاتی قەیراندا رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە کەمکردنەوەی زیانەکان و رێگری لەرووداونی کارەساتی گەورە. بەرگریی شارستانی تەنها ئەرکی حکومەت نییە، بەڵکو پێویستی بە بەشدارپێکردنی خەڵک و ئامادەکردنی ژێرخان هەیە و ئەگەر هاوڵاتییان لەکاتی رووداوە کتوپڕەکاندا بزانن چی بکەن و بۆ کوێ بچن، رێژەی قوربانییەکان زۆر کەمدەبنەوە.

پێویستە بەرگریی شارستانی بگۆڕدرێت بۆ سیستمێکی نیشتمانی بۆ بەڕێوەبردنی کارەساتەکان، نەک تەنها وەک ئامرازێک بۆ کاردانەوە لە دوای ڕووداو. لە ڕێگەی ئەم سیستەمەوە، هەرێمی کوردستان دەتوانێت متمانەی هاوڵاتییان بەهێز بکات و پیشانیبدات کە پلانی پێشوو هەیە بۆ هەموو بارودۆخێک.
بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە ئەم هەنگاوانە بگرێتەبەر:

1.دابینکردنی پەناگەکان: ئامادەکردنەوەی پەناگە کۆنەکان و دیاریکردنی شوێنە گشتییە سەلامەتەکان و ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتییان لە شوێنەکانیان. لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، گەراجی ژێر زەوی باڵەخانەکان و مۆڵەکان بەپێی ستانداردێکی ئەندازیاری دروست دەکرێن کە لە کاتی پێویستدا ببنە پەناگە. دەکرێت لە داهاتوودا ئەمە ببێتە مەرجی پێدانی مۆڵەتی بینا لە هەرێم.

2.سیستەمی ئاگادارکردنەوەی خێرا (MOBILE ALERTS): سوودوەرگرتن لە تۆڕەکانی مۆبایل بۆ ناردنی نامەی ئاگادارکردنەوەی خێرا بۆ هاوڵاتییان لە کاتی هێرش و ڕووداوە نائاساییەکاندا، ئەمە کاریگەرترە لە ئاگادارکردنەوەی کلاسیکی.

3.بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی مامەڵەکردن لە کاتی قەیران: لە رێگەی ئەنجامدانی کەمپەینی میدیایی بۆ فێرکردنی خەڵک کە چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخی نائاسایی بکەن (کەمکردنەوەی بەکاربردن، شێوازی پەیوەندیکردن و دوورکەوتنەوە لە دەنگۆی بێبنەما).

4.ئامادەکاری بۆ شەپۆلی ئاوارەبوون: بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی ئارامترە، ئەگەری هەیە ڕووبەڕووی شەپۆلێکی نوێی ئاوارەبوون ببێتەوە (چ لە ناوخۆی عێراق یان وڵاتانی دراوسێ). پێویستە "نەخشەی کەمپەکان" بۆ کەمپە کاتییەکان دیاریبکرێت تا فشارەکە نەبێتە هۆی دارِمانی خزمەتگوزارییەکانی ناوشار.

5.کاراکردنی تیمە خۆبەخشەکان: ڕێکخستنی گەنجان و ڕێکخراوە ناوخۆییەکان لە چوارچێوەی "تیمی فریاگوزاریی گەڕەکەکان" بۆ هاوکاریکردنی تیمەکانی بەرگریی شارستانی و پۆلیس لەکاتی پێویستیدا.

6.کۆگای فریاکەوتنی گەڕۆک: ئامادەکردنی بارهەڵگری گەورە کە پێداویستییە سەرەتاییەکانی تێدابێت (خێوەت، بەتانی، ئامێری بڕینی ئاسن، و کەرەستەی پزیشکی) و لە دەرەوەی شارەکان جێگیر بکرێن، تا ئەگەر ناوەندی شارەکان تووشی گەمارۆ بوون، ئەم کەرەستانە لە شوێنی ئارام بمێننەوە.

## شەشەم: زانیاری و ڕاگەیاندن

لە بەڕێوەبردنی قەیراندا، هەواڵی ساختە و بۆشایی زانیاری بەهەمان ئاستی هەڕەشە ئەمنی و سەربازییەکان مەترسیدارە، چونکە تێکچوونی دۆخی دەروونی هاوڵاتییان دەبێتەهۆی دارِمانی بازاڕ و ژێرخان لە ناوخۆدا.
لە هەلومەرجی جەنگی فراواندا، ترس و درۆ و هەواڵی بێسەرچاوە خێراتر لە مووشەک کاردەکەن. لە هەرێمی کوردستان بێسەروبەرەیی و فەوازیەکی گەورەی میدیا و راگەیاندن هەیە. کە لەپێناو بڵاوکردنەوەی هەواڵی خێرا و ململانێی بەدەستهێنانی بینەر، بەشێک لە راگەیاندنەکان هەواڵی ناڕاست و وێنەی نەشیاو و زانیاریی نا پێویست یان هەڵە بڵاودەکەنەوە کە زیان و کاریگەری لە سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی هەیە.

**بۆ ڕێکخستنی بواری ڕاگەیاندن، پێویستە ئەم هەنگاوانە بگرێتەبەر:**

1.پێویستە ناوەندێکی باڵای فەرمی هەبێت کە تەنها سەرچاوەی زانیاری و ڕاستی بێت، تەنها یەک سەرچاوەی حکومی هەبێت کە زانیارییەکانی تایبەت بەم قەیرانە ڕابگەیەنێت، بۆ ئەوەی لێدوانی دژبەیەک لە نێوان وەزارەتەکاندا دروست نەبێت. لە کاتی قەیراندا، پێویستە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی هەبێت، تەنانەت ئەگەر هەواڵی نوێش نەبێت، بۆ ئەوەی خەڵک بزانن دۆخەکە لەژێر کۆنترۆڵدایە و بۆشایی زانیاری دروست نەبێت.

2.پابەندکردنی میدیا و رۆژنامەنووسان بە ئێتیک و یاسای رۆژنامەنووسییەوە، پێویستە حکومەت و سەندیکای رۆژنامەنووسان ڕێسای توند دابنێن بۆ قەدەغەکردنی وێنەی نەشیاو و ڕێگری بکرێت لە بڵاوکردنەوەی وێنەی قوربانییان و دیمەنی ترسناک کە بەجۆرێک لە جۆرەکان دەبێتە جەنگی دەروونی.

3.چێککردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان (Fact-Checking) لەرێگەی دروستکردنی تیمێکی تەکنیکی و میدیایی کە ئەرکیان چاودێریی کەناڵەکانی راگەیاندن و سۆشیاڵ میدیا بێت و هەر دەنگۆیەکی ساختە (وەک: داخستنی سنوور، نەمانی بەنزین، یان هێرشی موشەک و درۆن) بڵاوبووەوە، دەبێت بە ڤیدیۆ و داتا لە هەمان پلاتفۆرم وەڵام بدرێتەوە و ڕاستییەکە بخرێتە ڕوو.

4.ئاراستەکردنی سۆشیاڵ میدیا و ئینفلوێنسەرەکان لە کاتی قەیراندا، "ئینفلوێنسەرەکان" کاریگەرییان لە کەناڵە فەرمییەکان زیاترە، پێویستە حکومەت ڕێنمایی تایبەت بۆ چالاکوانی سۆشیاڵ میدیا دەربکات و لێپرسینەوە لەوانە بکات کە هەواڵی بێسەرچاوە بۆ "لایک و ڤیو" بڵاو دەکەنەوە و دەبنە هۆی تێکدانی ئاسایشی نیشتمانی.

5.جەختکردنەوە لەسەر میدیای نیشتمانی و خزمەتگوزاری، بەو واتایەی لە جیاتی جەختکردنەوە لەسەر هەواڵی شەڕ و ئاژاوە ڕاگەیاندنەکان ئاراستە بکرێن بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەکانی بەرگریی شارستانی و نیشاندانی دیمەنی ئاسایی بازاڕ و ژیانی ڕۆژانە بۆ ڕەواندنەوەی ترس، هەروەها فێرکردنی خەڵک کە چۆن سەرچاوەی ڕاست و ساختە لە یەکتر جیابکەنەوە.

لەگەڵ ڕێکخستنی کاری میدیاکان و بڵاوکردنەوەی زانیاریدا، گرنگە دامەزراوە میدیاییەکان خۆیان پابەندییان بە پرەنسیپە میدیایی و پیشەییەکانی کاری رۆژنامەوانییەوە بپارێزن، هەروەها بوونی پەیماننامەی شەرەفی کاری رۆژنامەوانی لە دامەزراوە میدیاییەکاندا وادەکات رۆژنامەنووس لە هەر دەزگایەکدا ناچاربێت پابەندبێت بەو بەند و ڕێنماییانەی تێیدا دامەزراوەکەی دیاریکردووە.

سەرباری ئەوانە سانسۆری خودیی رۆژنامەوان، رۆڵی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی بابەت، چۆنێتیی داڕشتنەوە و گەیاندنی بە وەرگر، لەوانە خۆپارێزی لە بڵاوکردنەوە ترس و دڵەڕاوکێ، دروستکردنی پشێوی و مەترسی دروستکردن بۆسەر ئاسایشی نیشتیمانی، کە ئەگەر ڕێکارە یاساییەکان، ڕێنماییەکان و پابەندییە دامەزراوەییەکانیش ئەم سنوورانەیان دیارینەکردبێت سانسۆرە خودییەکانی رۆژنامەنووس و پابەندبوونە ئێتیکییە پیشەییەکەی لە خودی خۆیدا وابەستەی دەکات.

## ئەنجام

لە ئەم پۆلیسی پەیپەرەدا، بە ڕوونی دەردەکەوێت کە بەڕێوەبردنی قەیران لە سەردەمی جەنگدا، بەتایبەتی لە ناوچەیەکی پڕ کێشەی وەک رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرۆسەیەکی فرەڕەهەند و ئاڵۆزە و تەنها پەیوەست نینن بە فاکتەرە سەربازییەکانەوە، بەڵکو پەیوەندی بە بواری ئاسایش، ئابووری، ژێرخان، سیاسەت و تەواوی کۆمەڵگەوە هەیە.

ئەنجامەکان نیشانیدەدەن کە هەرێمی کوردستان، بەهۆی شوێنی جوگرافی و پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی ناوچەکە، ناتوانێت خۆی لە قەیرانەکانی ناوچەکە دابڕێت، تەنانەت لە سایەی سیاسەتی بێلایەنیشدا، قەیرانە دەرەکییەکان بە خێرایی دەگوازرێنەوە بۆ ناوخۆ و دەبنە هۆی دروستبوونی تەنگەژەی ئابووری، ئەمنی و کۆمەڵایەتییە.

لە ڕووی تیۆرییەوە، سەرکەوتنی بەڕێوەبردنی قەیران بەستراوە بە توانای سیستەمی حکومڕانی لە واتاپێدان و تێگەیشتنی قوڵ لەقەیرانەکە و یەکخستنی زانیاری، و بڕیاردانی خێرا لە کاتی فشار و نەبوونی بەرچاوڕوونیدا. دابەشبوونی سیاسی و نەبوونی تێگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا، یەکێکە لە گەورەترین هۆکارەکانی شکستی بەڕیوەبردنی قەیران و کاردانەوەی ستراتیجی.

لاوازیی هەماهەنگیی دامەزراوەکان، نەبوونی پلانی پێشوەخت، و پشتبەستن بە ئابوورییەکی تاک-سەرچاوە (نەوت)، بوونەتە خاڵی لاوازی هەرێم لە بەرامبەر قەیرانەکاندا. لە بەرامبەردا، ئەو سیستەمانەی کە توانای فێربوون، خۆگونجاندن و بەدەستهێنانی متمانەی گشتییان هەیە، دەتوانن قەیرانەکان بکەنە دەرفەت بۆ چاکسازی و بەهێزکردنی دامەزراوەکان.

## پێشنیازەکان

یەکەم: دامەزراندنی سیستەمی نیشتمانی بۆ بەڕێوەبردنی قەیران، پێویستە ناوەندێکی سەربەخۆ و گشتگیر دروست بکرێت بۆ بەڕێوەبردنی قەیران، کە کار بکات لەسەر کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا، پێشبینیکردن، و بڕیاردانی خێرا. ئەم ناوەندە دەبێت هەماهەنگی لەنێوان هەموو دامەزراوە ئەمنی، ئابووری و خزمەتگوزارییەکان دروست بکات.

دووەم: گواستنەوە لە بێلایەنیی سیاسی بۆ بێلایەنیی ستراتیجی، سیاسەتی بێلایەنی نابێت تەنها دروشم بێت، بەڵکو دەبێت بگۆڕدرێت بۆ ستراتیجییەکی چالاک کە لە ڕێگەی دیپلۆماسی، یاسا و هەماهەنگی نێودەوڵەتییەوە، ببێتە قەڵغانێک بۆ پاراستنی هەرێم.

سێهەم: بەهێزکردنی توانای ئەمنی و سەربازییەکان بە جۆرێکی مۆدێرن، پەرەپێدانی سیستەمی بەرگریی ئاسمانی، درۆن و دژە-درۆن، و سیستەمی هۆشیاری پێشوەخت، دەبێتە بنەمای پاراستنی هەرێم لە جەنگی مۆدێرن کە زۆربەی هەڕەشەکان لە ئاسمانەوە دێن.

چوارەم: گۆڕینی مۆدێلی ئابووری بۆ ئابوورییەکی فرەسەرچاوە، پێویستە سیاسەتی ئابووری لە پشتبەستن بە نەوت بگۆڕدرێت بۆ سیستەمێکی هەمەجۆر کە پشت بە کشتوکاڵ، پیشەسازی و خزمەتگوزاری ببەستێت، لەگەڵ دروستکردنی یەدەگی ستراتیژی بۆ کاتی قەیران.

پێنجەم: دامەزراندنی سیستەمی کارای بەرگریی شارستانی، پێویستە بەرگریی شارستانی بگۆڕدرێت بۆ سیستەمێکی پێشکەوتووی نیشتمانی کە خەڵک بەشداری تێیدا بکات، لە ڕێگەی پەناگە، سیستەمی ئاگادارکردنەوە، و ڕاهێنانەوە.

شەشەم: کۆنترۆڵکردنی زانیاری، پێویستە ستراتیجییەکی ڕوون بۆ ڕاگەیاندن هەبێت بۆ ڕێگریکردن لە هەواڵی ساختە و بۆشایی زانیاری.

حەوتەم: بەهێزکردنی هاوکاریی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا و بەهێزکردنی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

*International Crisis Group. (2025). Ten challenges for the United Nations in 2025.*

*Lagadec, P. (2007). Preventing chaos in a crisis: Strategies for prevention, control and damage limitation. McGraw-Hill.*

*SAPEA (Science Advice for Policy by European Academies). (2024). Artificial intelligence in emergency and crisis management. European Commission.*

*Song, T., Yu, P., Yecies, B., Ke, J., & Yu, H. (2024). Social media crisis communication and public engagement during COVID-19. Scientific Reports, 14, Article 90759. https://doi.org/10.1038/s41598-024-90759-w*

*Vicari, R. (2024). A toolbox to deal with misinformation in disaster risk management. AI & Society. Advance online publication. https://doi.org/10.1007/s00146-024-01874-8*

*Weick, K. E. (1995). Sensemaking in organizations. Sage Publications.*

*World Economic Forum. (2025). Global risks report 2025.*

*Zheng, H. (2025). Crisis-driven governance reforms: An analytical framework. Journal of Contingencies and Crisis Management. Advance online publication.*

الحريري، جاسم يونس. *(2025)*. إدارة الأزمات وأثرها في خلق مجتمع مستقر وآمن: دراسة حالة العراق. مركز حمورابي للبحوث والدراسات الاستراتيجية.

سليمان، خليل عرنوس. *(2011)*. الأزمة الدولية والنظام الدولي: دراسة في علاقة التأثير المتبادل. المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات.

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq